# پەرۆشی فاشیزم !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

**عێراقیەکان ئەوەی کە ویستیان کردیان و دواجار حکومەتیان پێکهێناوکوردیشیان بە پێنج شەش پۆستیٚ دڵنیاکردەوە بیرمان نەچیٚ کورد نەک هەرێمی کوردیی چونکە تا هەنووکە هەرێمی کوردستان وابەستەیە بە یاساکانی مەرکەزەوە، بەعس گوتارێک بوو هێشتا گەرمایی و تینی خۆی ماوە کەچی گوتارێکی تازە بەرهەم نەهاتووە تا عیراقیەکان ئاسۆی لێوە ببینن و دۆخی پێشوو تێپەڕێنن ئەو دۆخە فاشیزمە تاقەتپروکێنەی رابردوو، تێپەڕاندن گۆڕینی دەموچاوەکانی وەزیرێک و عەسکەرێک نییە بە عەسکەرێکی تر، گۆڕینی سەرەک کۆمارو سەرۆک وەزیریش نییە،بەڵکە بریتیە لە کۆی پرۆسەیەکی درێژخایەن و روخاندنی تەواوی بت و تەوتەمە نەگۆڕەکان و تێپەڕاندنی سیستمی فکریی ئەو کولتورە ترسناکەی عەرەب لە سالانی سەدەی رابردوو کە ئێستاش ناسیۆنالیزمێکی مت و سێبەرو مەزهەبی کاری لە سەر ئەکا،ئەزمونی نویٚ یانی کارکردن لە سەر ئەو ریتمە تازەی کە پێشتر کاری لە سەر نەکراوە، یانی ئەزمونی گۆرانکاری لە ستایلی حاکم و حوکمکردندا، ئەزموونی نویٚ بەمانایەکی تر بریتی نییە لەوەی کە کۆی پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنی و حیزبیەکان رازی بکەیت بە وەرگرتنی ئیمتیازو وەزارەت و راوێژکاری گەورەی "دەرباری شا" و  "پیاوی دیوەخان" و سەرەنجام ژێرپێخستنی بەهاکانی دیموکراسی وەک ئەوەی کە ئێستا لە کوردستان و بەغدا پەیرەو ئەکرێت بەناوی شکاندنی کۆتی رابردوو!؟ ئەوانەی ئەمڕۆ لە بەغدا حکومەتی یەکێتی نیشتیمانیان پێکهێنا دەبیٚ بگەرێنەوە بۆ ووتەو لێدوانی سەردەمی رابردویان  کە چ خەونێکیان ئەبینی و ئێستاش چی ئەڵێن و چۆن عەودالٚی پۆستن، ئەوەی ئەمرۆ ململانێیەکی توندی لەسەرە هیچ نیە جگە لەململانێیەک بۆ دوبارەکردنەوەی مۆدێلێک لە بەعس و یارو یاوەرانیان، ئاخر زۆر ئەستەمە تیرۆریست و خوێنرێژ بە وەزارەت و ئیمتیاز رازی و دڵنیا بکەیت تا خەڵک سەرنەبڕن و "ئیستنـزاف" راگرن، بەمانایەکی تر حکومەت چۆن بە سڕکردنی مارودوپشک دروست ئەبیٚ؟**

**لێرەوە ئەبێت هێزە سیاسیەکانی عیراق و بەتایبەتی کورد دلٚداری و سۆزداری ئەوە نەکەن کە پەرۆشی بنیادنانەوەی عیراقن بەرەو کولتوری دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی، ئەبێت ئەوە بزانن هیچ بەقەدەر ئەوە گرنگ نیە مەودا بهێڵنەوە بۆ رێزگرتنی ئەو دەنگانەی کە ئەوانی گەیاندە کۆشکەکان و رایگرتن لەبەردەم ناوەندی بڕیاردا، بێگومان ئەودەنگانەش کەسانی جەلادو بەعسی و فاشیزمی تازەی ناویٚ و سات و دەقیقەیەکیان ئەویٚ کە ئەوانە بەسزابگەن و بەر پەتی سێدارە بکەون، پاشتر دەقیقەکانی ئەم دیموکراسیەتەی ئێستا وەکو دەقیقەکانی دیکتاتۆریەتی سەدام نین، خەڵک لەهەریەک لەم دەقیقە بەناو دیموکراسیانەدا شت ئەخوێنێتەوەو بێدەنگ نابێت مەگەر بێدەنگ بکرێت وەک چۆن ئەیبینین، ئێمە لەم سەرەتا خەتەرناکەوە نەتوانین ساتەکانی خۆشبەختی و خەونی دیموکراسی بەرهەم بهێنین بێگومان ئایندەش لەمە باشتر نابیٚ و هەلگری شتگەلی زۆر رەشبینانەن، سەدام رێزی نەگرتایە لە تاکی عیراقی گرنگ نەبوو چونکە خۆی بەرێگەی دیموکراسی و هەلٚبژاردن نەهاتبوە کۆشک بەڵکو بەخوێن ئەو پلەیەی بریبوو، لیٚ ئەم هێزە سیاسیانەی ئەمێستا هێزگەلێکن سەروبنی زمانیان تێزی کۆمەڵی مەدەنی و دەسەلاٚت و دیموکراسیەتە، کەچی پێش گەشتنیان بەدەسەلاٚت بیری کورسی و پۆست ئەکەن و ئەوەندەی خەون بە سەروەربونی خۆیانەوە ئەبینن ئەوەندە خەون بە کۆمەڵگایەکی تەندروست و دیموکراتیکەوە نابینن، ئەوەتا حکومەتیٚ خۆی تەمەنی چوار ساڵە سالێکی رەبەقە هێشتا بەتەواوی پێکنەهاتووەو خەریکی پۆست دابەشکردنی خۆیانن، باشە بەسالێک پۆست و ئیمتیازو ماف بەر خۆیان بکەوێت ئەبیٚ بە چەند سالٚ خەڵکی داماوو رەش و رووت چاوەروانی ماف بن؟ بێگومان بە یاسای ماتماتیک بیٚ 25 سالٚ چونکە ژیان و روفاهیەتی ئەوان 25 سالٚ پێش ئێمە کەوتووە و ئەو سپلیت و سەیارەو فەخفەخەیەی ئەوان  25 سالٚی تر کۆن ئەبیٚ ئینجا ئێمە ئەبیٚ هەمانبیٚ و بگاتەلامان، وەک چۆن ئێستە هەریەک لە ئێمە دەتوانیٚ سۆپەری مۆدێل 82 بخاتە ژێریەوە بە پارەیەکی کەم، ئەوەیە عیراقی نویٚ عیراقی فەساد عیراقی نەوت و کانزاو خشلٚ؟! لەلایەکی**

تریشەوە هەر ئەم سیستمە نوێیە خەریکی دەمکوتکردنی رۆژنامەنوسان و دەنگە ئازادیخوازەکانن، ئەودەنگانەی کە بە گوشارەکانیان خەونێکی مەزهەبی تازە دیکتاتۆریان قاودا!! ئاخر خۆ بەهەوانتە جەعفەری لانەبرا کە خەونی ئەم جۆرە جەعفەریانە ئەوەبوو بۆ بەرژەوەندی تایبەت و مەزهەبی و ئایدۆلۆژی کاربکەن نەک بۆ ستراتیجێکی رۆشن، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەم سەرەتا تازەیە لە رەدکردنەوەی دیکتاتۆرو کەسی مۆنۆپۆلگەر مۆدیلێکی دڵخۆشکەرە بۆ عیراقیەکان و بۆ کوردیش کە وەکو مۆدیلێک وەریبگرین تا ئێمەش جەعفەریە کۆنەکان بگۆرین و ئیدی هەر ئەوان حاکم نەبن، تا مۆدێلی گەورەکردنی دیکتاتۆریەت نەشونما نەکات، چونکە لەپاڵ ئەو خەونەدا چ لە کوردستان و چ لە عیراق خەونی میلیتاریزەکردنەوەی کۆمەڵگا بە هێمنی هەست پیٚ ئەکرێت، ئەمرۆ پرۆسەیەکی هێمن و سێبەرانە ئەبینین بۆ تەجنیدکردنەوەو بۆ سازکردنەوەی فەزای جەنگ و ئەسڵەحەسازیی کە هیچ بە قازانجی کورد نایەتەوە،ئەو نەتەوەی کە بەدرێژایی سەدەیەک لەهەوڵدابوو بۆ راماڵین و نەهێشتنی ئۆردوگای جەنگی و فەزای عەسکەریانەو هەر ئەم فەزایەش بووکوردی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە تازێبارکردبوو،ئەی کەواتە بۆ رازی ئەبین بە کارێکی لەوجۆرە؟ ئەم تۆنە لە ئیشکردنیش تەنها ئەو کەسانە سودی لێوەر ئەگرن کە زۆرینەی دانیشتوانی عیراق پیٚک ئەهێنن و بلۆکی ئابوریانەی عیراق و ناوەندە وەبەرهێن و سەرمایەگوزاریەکان قۆرخ ئەکەن و هەمووی ئەخەنە خزمەت رەوتی ئایدۆلۆژیانەی خۆیان و بە عەسکەریکردنەوەی کۆمەڵگای عیراقی تا داهاتەکان دیزە بەدەرخۆنەبکەن و بەناوی ماشێنی جەنگی و پاراستنی ئاسایش پیگەی خۆیان بەهێزبکەن بۆ لێدانی بەرانبەرو نەیارەکانیان، جاخۆ سەدامیش سەروەختی هاتنە سەرحوکمی لە کۆنگرەی بەعسیەکاندا بە خۆی و چروتەکەیەوە هەر ئەمەی کرد، بۆیە لەم روەوە هیچ بۆکورد بەقەدەر ئەوە کوشندە نیە کە گوتاری شەرمنی بەرهەم بهێنیٚ وەکو بەرهەمی هێناو رازی بوو بە هەموو شتیٚ بەبیانوی تەوافوق ورێککەوتنی نیشتیمانی، ئاخر رازی بوون بە چەند پۆستێکی کاتی لە بەغداو دەستبەرداربوون لە کەرکوک و فیدراڵیەتی کوردستان کارێکی تراژیدیانەیە و ئازارەکەی ماوەیەکی تر ئەبینین، ئەوەندەمانزانی عیراق بنیادنراوەتەوە بەهەمان نەفەسی جاران بەوپەری پەرۆشی بۆ فاشیزم و دیکتاتۆریەتیشەوە بەکەمێک دەستکارییەوەو ئێمەش ئەبیٚ بەخەونی گۆرانکاری و سەربەخۆییەوە بمرین؟!